## کەرسە پێکهێنەرەکانی رستە :

رستە گەورەترین دانەی سینتاکسیە لە کۆمەڵێك کەرسەی دیاریکراو پێکدێت کە پێی چەند یاسایەك داڕێژراون ، ئەم کەرسانەش دووجۆرن هەندێکیان سەرەکین ( کەرسە سەرەکیەکان ) و بوونیان لە رستە بە خورتیە و هەندێکی تریان ناسەرەکین ( کەرسە ناسەرەکیەکان ) و بوونیان بە ئارەزووە :

### أ-کەرسە سەرەکیەکان :

ئەو کەرسانە دەگرێتەوە کە لە رستەدا هەن و بوونیان بە خورتیە ، بە لابردنیان واتای رستەکە تێك دەچێت ، ئەم کەرسانە ئەگەر لە رونانی سەرەوەشدا دەرنەکەون ئەوا لە رۆنانی ژێرەوەدا بونیان هەیە. کەرسە سەرەکیەکان بریتین لە : ( بکەر ، بەرکاری راستەوخۆ، نیهاد ، گوزارە )

بوونی ئەم کەرسانە لە رستەدا بەندە بەکارەوە ، واتە لە زمانی کوردیدا کار
 کەرسەکانی خۆی هەڵدەبژێرێت  بەم شێوەیە بەسەر سێ ااڵت دەبەشدەکرێت :

 أ-کاری تێپەڕ :

 ئەو کارانەن کە  پێویستیان بە دوو کەرسەی سەرەکی هەیە وەك ( بکەر + بەرکاری
 راستەوخۆ )

 -<u>من</u>   <u>کـــراسەکەم</u>   <u>کـــڕی</u>.
 بکەر   ب.راستەوخۆ   کاری تێپەڕ

 ب-کاری تێنەپەڕ:

 ئەوکارانەن کە تەنها  پێویستی بە یەك کەرسەی سەرەکی هەیە ( بکەر ) یان
 (بەرکاری راستەوخۆ )

 -ئەو هات .  (ئەو : بەرکار، هات : تێنەپەری بکەری )

 -دیوارەکە رووخا.  (دیوار : بەرکاری راستەوخۆ ، رووخا : تێنەپەری بەرکاری )

## ج- کاری چاوگی ( بوون ) :

ئەژین مامۆستایـــــــە.

نیهاد گوزارە کاری چاوگی ( بوون )

رەنگە ئەم کەرسە سەرەکیانە لە رۆنانی سەرەوە دەرنەکەون بەڵام لە رۆنای ژێرەوەدا هەن ، وەك:

-برد. ( رۆنانی سەرەوە )

ئەو نامەکەی برد.( رۆنانی ژێرەوە )

## کەرسە سەرەکیەکان :

### - بکــەر

کەرەسەیەکی سەرەکی و پێویستیە لە رستەدا ، بە شێوەیەکی گشتی دەکەوێتە سەرەتای رستە،(کار) کارو باسێکی لە بارەوە رادەگەیەنرێت، بکەر لە کەس و ژمارە لەگەڵ کاری رستە رێك دەکەوێت.

- من چووم بۆ دهۆك .

بکەر

- ئەو هات .

بکەر

بکەر لە زمانی کوردیدا دەشێت ناوێکی ( تایبەت ،گشتی ، ناسراو، نەناسراو، تاك ، کۆ ، ...هتد )

**رێناس بۆ زانکۆ رۆیشت.**

بکەر-ناوی تایبەتی

**کچەکە هات .**

بکەر- تاك، ناسراو

**کچێکی گەنج هات .**

بکەر- تاکی نەناسراو

## *جۆرەکانی بکەر لە رووی دیاری و نادیاریەوە:

**أ- بکەر دیار :**

**ئەم جۆرە بکەرە کە راستەوخۆ دەردەکەوێت لە رستەدا ، ئەم جۆرە بکەرە یان ( ناوە )**
**یان ( جێناو ) ە ،**

**- زانیار سێوەکەی خوارد.**

**بکەر**

- **بکەر نادیار:** ئەو جۆرە بکەرەیە کە راستەوخۆ دەرناکەوێت لە رستەدا .
- هەنگاوەکانی دروست کردنی رستەی بکەر نادیار:
- -بکەرو هەموو ئەوانەی پەیوەندیان بە بکەر هە لادەدەین.
- -بەرکار دەهێنینە پێشەوە.
- -رەگی کارەکە وەردەگرین .
- -مۆرفیمی بکەر نادیاری ( ر) زیاد دەکەین .

- مۆرفیمی کات (ا ) بۆ رابردوو (ێ ) بۆ رانەبردوو زیاد دەکەین .

-**بکەری ڕێزمانی :** ئەو کەرسانەن کە لەرووی ڕێزمانەوە بکەرن و شوێنی بکەر پڕ دەکەنەوە ، لە ڕاستیدا خۆیان بکەر نین.

پە نجەرەکە شکا .

( پە نجەرە ) شوێنی بکەری گرتۆتەوە لە ڕستەدا بەلاّم لە ڕاستیدا بکەر نیە ، چونکە خۆی کارەکەی ئە نجامنەداوە .

- **بکەری لۆجیکی :**

ئەو بکەرانەن کە لە ڕووی واتاوە ئەرکی بکەر دەبینن ، بکەری ڕاستەقینەی کارەکەن ، هەندێجار لە شوێنی ڕاستەقینەی بکەر دەرناکەون و هەندێجاریش لە شوێنی خۆیان دەردەکەون .

من دەنگی تۆ دەبیستم.

لەم ڕستەیەدا ( تۆ ) بکەری لۆجیکی و ڕاستەقینەی ڕستەکەیە چونکە ( تۆ ) دەنگ دەردەکات . بەلاّم لەرووی ڕێزمانەوە ( من ) لە شوێنی بکەر هاتووە و ( تۆ ) دەبێتە ( بەرکار ) کەواتە :

من-بکەری ڕێزمانیە

-تۆ: بکەری لۆجیکیە

## -بەرکاری ڕاستەوخۆ:

ئەو کەرسەیە کە لە ڕستەدا ڕاستەوخۆ دەکەونە ژێر کاریگەری کارەکە ، کەرەسەیەکی سەرەکیە لەو ڕستانەی کە کارەکانیان تێپەرە. وەڵامی پرسیارێك دەداتەوە کە بە ( کێ ، چی ) دەکرێت .

- ئەو نان دەخوات .
- ئاراس وانەکەی خوێند.
- من ئەوم بینی.

لە زمانی کوردیدا لە هەندێك حاڵەتدا بەرکاری ڕاستەوخۆ لە ئاستی سەرەوە دەرناکەوێت بەڵام لە ئاستی ژێرەوەی ڕستەکە بونیان هەیە :

- ئارام بردی. ( ئاستی سەرەوە )
- ئارام کتێبەکەی برد.( ئاستی ژێرەوە )

ئەو رستانەی کارەکانیان تێپەرە بەرکاری راستەوخۆ لەم رستانە پێویستیە وەك کەرسەیەکی سەرەکی، لە هەندێك باردا هەندێك کاری تێنە پەر هەن بە هۆی ( اندن ) دەبێتە کاری تێپەر ( تێپەری نابنجی ) وەك دەزانین دوو جۆر کاری تێپەر هەن ، جۆرێکیان ( تێپەری بنجی ) کە لە بنەرەتدا تێپەرن ، جۆری دووەمیان ( تیپەری نابنجی )یە کە بەهۆی مۆرفیمی ( اندن ) لە کاری تێنە پەر دروست دەکرێن.

## تەواوکار :

کەرەسەیەکی سەرەکیە لەو رستانەی کارەکانیان کاری ناتەواون ( کاری چاوگی بوون ) پێویستیەکی هەمیشەیی کارەکەیەو لابرنیان دەبێتە هۆی نارێزمانی بوونی رستەکە ، یان ناوەرۆکی واتای کار و رستەکە دەگۆرێت ، کەرەسەیەکی سەرەکیە و لە پلەی کار و بکەردایە .

- ئەو <u>زیرەکە</u>.
- ئەم هەنارە زۆر <u>ترش</u> بوو.
- ئەو دەبێت بە <u>مامۆستا</u>.